**پرسیار:**

**وەڵامی گونجاو، بۆ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە دابنێ:**

١- هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٥ بەپێی یاساکانی......... جووەکانی لە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی بێبەشکرد و ژن و ژنخوازی لەگەڵیاندا قەدەخە کرد.

٢- ساڵی ١٩٢٠ دەرکردنی بڕیاری بیمەی بێکاری، یەکێک لە بڕیارە گرنگەکانی ............ سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو.

٣- دوای هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٤، سۆسیالیستە ڕادیکاڵەکانی فەڕەنسا بەسەرۆکایەتی.......... حکومەتیان دامەزراند.

٤- مۆسۆلۆنی لە شوباتی ساڵی ١٩٢٩ ڕێککەوتننامەی ......... لەگەڵ پاپا کرد.

٥- لە ساڵی ......... دەستوورێکی تایبەت بە یەکێتی سۆڤییەت دانرا.

**نیشانەی (ڕاست)، یاخود (چەوت) لە بەردەم ئەمانەی خوارەوە دابنێ:**

١- جێنشینی نەمسا- مەجەر و خێزانەکەی، لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی دەستی ڕەش کوژران.

٢- فەڕەنسا لە جەنگی یەکەمی جیهانی هەردوو ناوچەی دەوڵەمەندی ئەلزاس و لۆرینی بەدەستهێنایەوە.

٣- دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، کۆنگرەی ئاشتی ساڵی ١٩١٩ لە سویسرا بەسترا.

٤- بەپێی پەیماننامەی سانت جێرمان، سوپای نەمسا بۆ ٦٠ هەزار سەرباز سنووردار کرا.

٥- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەندامی کۆمەڵەی گەلان نەبوو.

**پرسیار: وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

١- سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤییەت بە خاڵ دیاری بکە.

٢- قەیرانی دارایی لە ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

٣- سیاسەتی دەرەوەی ئیتاڵیا لە سەردەمی مۆسۆلۆنی.

٤- هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بژمێرە.

٥- سیاسەتی ستانلی بادلۆین لە بەریتانیا.

**پرسیار: چی لەبارەی ئەمانەی خوارەوە دەزانی**

١- پەیماننامەی تریانۆن ٢- پەیماننامەی نۆلی ٣ – ئەرکەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان

٤- - خاچی ئاگرین ٥- کیلۆک-بریان

**پرسیار: ئەدۆڵف هیتلەر، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و تووندوتۆڵکردنی، چەندین هەنگاوی گرتەبەر، لە وتارێکدا ئەمە ڕوون بکەرەوە، لەگەڵ خستنەڕووی لێکدانەوە و ڕای بەڕێزتان.**

**پرسیار: ئەمانەی خوارەوە بناسێنە:**
**١- بەیاننامەی زەوی ٢- ئێدوارد دیلادیا ٣ – پەیماننامەی نۆلی ٤-جەنگی گەنم ٥- ڤایمار**

**پرسیار: وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**
**یەکەم: ئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بژمێرە.**
**دووەم:** پێکهاتەکانی کۆمەڵەی گەلان روونبکەرەوە.

**پرسیار: هۆکارەکانی ئەمانەی خوارەوە بنووسە:**

**یەکەم: کێبڕکێی خۆپڕچەککردن، یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو.**

**دووەم: کێشەی ئیرلەندا، یەکێک لە کێشەکانی بەردەم لوید جۆرج بوو.**

**سێیەم: ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم دا بەراورد بە وڵاتانی دیکە، کەمترین زیان و قازانجی زۆری کرد.**

**پرسیار:** لە وتارێکدا لێکچوون و بەراورد لەنێوان هیتلەر لە ئەڵمانیا و مۆسۆلینی لە ئیتاڵیا بکە.